## - چۆن پاشگری (ەوە) لەگەڵ نیشانەی (ووە/ وە)ی کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن لەیەک جیابکەینەوە؟

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی
ئامادەییی (سلێمانی)ی کچان

شەممە (٢٠٢٢/٩/٢٤)

| پاشگری (ەوە) | نیشانەی (ووە/ وە)ی کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن |
| --- | --- |
| ١/ (ەوە) پاشگرە. | ١/ (ووە/ وە) نیشانەیە. |
| ٢/ (ەوە) سێ پیتە و بە لاتینی دەبێتە: (ewe). | ٢/(وە/ ووە) یەک نیشانەیە، بەڵام دوو شێوە و فۆڕمی هەیە بۆ دوو ژینگەی جیاواز:<br>أ/ (ووە) سێ پیتە و بە لاتینی دەبێتە: (uwe).<br>ب/ (وە) دوو پیتە و بە لاتینی دەبێتە: (we) |
| ٣/ پاشگری (ەوە) کاری سادەمان بۆ دەگۆڕێت بۆ کاری داڕێژراو. وەک:<br>نارد + ەوە = ناردەوە<br>ناردەوە: کاری داڕێژراوە لە ڕووی ڕۆنانەوە، بەڵام کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە لە ڕووی کاتەوە و چاوگەکەی بریتییە لە (ناردنەوە). | ٣/ نیشانەی (ووە/ وە) کاری سادەمان بۆ ناگۆڕێت بۆ کاری داڕێژراو، بەڵکو کارەکە هەر بەسادەیی دەمێنێتەوە، تەنیا حاڵەتی ڕێزمانیی کارەکەمان بۆ دیاری دەکات. وەک:<br>هێنا + وە = هێناوە<br>نارد + ووە = ناردووە<br>هێناوە: کاری سادەیە لە ڕووی ڕۆنانەوە، بەڵام کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە لە ڕووی کاتەوە و چاوگەکەی بریتییە لە (هێنان).<br>ناردووە: کاری سادەیە لە ڕووی ڕۆنانەوە، بەڵام کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە لە ڕووی کاتەوە و چاوگەکەی بریتییە لە (ناردن). |
| ٤/ پاشگری (ەوە) ڕێگە نادات هیچ کەرەستەیەکی تری بە دوادا بێت، بەڵکو خۆی هەمیشە دەچێتە کۆتاییەوە. | ٤/ نیشانەی (ووە/ وە) ڕێگە دەدات کەرەستەی تری بە دوادا بێت. |

ماموستا (عبدالله عبدالقادر علی)

تێبینی: دەکرێت نیشانەی (ووە/ وە) و پاشگری (ەوە) لە کارێکدا پێکەوە کۆ ببنەوە، بەڵام هەمیشە نیشانەی (ووە/ وە) پێش پاشگری (ەوە) دەکەوێت، بە واتایەکی تر هەمیشە پاشگری (ەوە) دەکەوێتە کۆتاییی هەموو کەرەستەکانی ترەوە و هیچی بە دوادا نایەت. وەک:

ناردووەتـــەوە: بە لاتینی دەبێتە (narduwetewe).

دۆزیوەتـــەوە: بە لاتینی دەبێتە (dozîwetewe).

---

ماموستا (عبدالله عبدالقادر علی)